# ئایاری تورکیا، نمایشێکی دژی بۆرژوا قەومی ئیسلامی دەوڵەتی تورکیا!

ڕۆژ عەزیز

## کرێکاران و بەشمەینەتان شارو شەقامەکانی تورکیایان خرۆشاند!

ئایاری ئەمساڵ 2016 زیاتر لە ٣٥ شاری تورکیا بەبۆنەی رۆژی ١ی ئایارەوە، رۆژی هاوپشتی جیهانی چینی کرێکار، هاتنە ناوەندی شارەکان و خۆپیشاندانیان ئەنجام داو لەم خۆپیشاندانەدا بە شیعاری: بەسیەتی برسێتی نان وکارو ئاشتی و ئازادیمان دەوێت، نا بۆ شەڕو کوشتارو خوێنڕشتن، بەسیەتی سەرکوت دەسەڵاتی ستەمکاری، بژی یەکگرتویی کرێکاران و تورکیایەکی سۆسیالیستیی. کەئەمساڵی ئایار سەرەڕای وەزعی پشێوی تورکیا لەنائارامی و فەزای میلیتاریستی و سەرکوتی دەوڵەتی قەومی ئیسلامی ئۆردوگان بۆسەر ئازادی هەڵسوڕانی سیاسی و جەماوەری و رۆژنامەنوسان، بەتایبەتی هێرشی بۆسەر ناوچە کورد نشینەکان، بەڵام بەگەورەترین هێز دادەنرێت وەک هێزی کرێکاران بەتایبەتی و جەماوەری بێبەش بەدژی هەلومەرجێک کەتورکیا لەژێر سایەی دەوڵەتی ئیسلامی ئەکەپەدا پێیدا تێدەپەڕێت. ئایاری ئەمساڵ هەم داخوازیە کرێکاری و سۆسیالیستیەکانی تێدا بەرزکرابۆوە، هەموو داخوازەیە جەماوەریەکان لەبەرامبەر هەلومەرجی ئێستای تورکیادا.

لەبەشێک لەشارەکان خۆپیشاندان نائارامی لێکەوتەوەو لەشاری ئەنقەرە و ئیستانبوڵ خۆپیشاندەران لە لایەن پۆلیسی تورکیاوە درانە بەرلێدان وئەشکەنجەو گرتن کە بتەنها لە ئیستانبوڵ ١٨٩ خۆپیشاندەر دەستگیرکراون و خۆپیشاندەرانیش بەسەیارەی ئاوپرژێن بڵاوەیان پێ کراو پۆلیس بە گازی فرمێسک ڕێژ بلاوەیان بە خۆپیشاندەران کردوە. لەشاری غازی ئەنتابی تورکیا لەو رۆژەدا بەهۆی دانانی بۆمبەوە کە ١٦کەس بریندار بوون و ٢کەسی دیکەش گیانیان لەدەست دا خەڵکی ئەو شارە نەیانتوانی رۆژی یەکی ئایار بکەنەوە. وە بەشێکی دیکەش لەشارەکانی تورکیا بەهۆی نائارامی کاری تیرۆریستیەوە نەیانوێرا بێنە شەقامەکان و یادی ئەم رۆژە جیهانیە بکەنەوەو لەم رۆژەدا دەنگی ناڕەزایەتی دەربڕن بەرامبەر بەدەسەڵاتی سەرمایەداری. لەشاری ئەدەنەی تورکیاش بەبیانوی ئەوەی گوایە تەقینەوە روو دەدات خەڵک لەترسا خۆپیشاندانەکەیان راگرت و نەیانتوانی ڕێپێوانی جەماوەری ئەنجام بدەن ..

هەلومەرجێک کەدەسەڵاتی سەرمایەداری لەتورکیا لەشەڕو کوشتارو بەڵای تیرۆر بەسەر خەڵکەوە کەبە پێچەوانەوە بۆ حکومەتی ئێستا و دەسەلاتەکەی دەستکەوتە، بەو بیانوەوە بەشێک لە شارەکان ڕێگریان لێ کرا تا یادی ئایار بکەنەوەو خۆپیشاندان ئەنجام بدەن و خەڵکی ناڕازیش بەهۆی ترس وتۆقاندنی داعش وتیرۆریزمەکەیەوە نەیان وێرا بچنە سەر شەقامەکان و دەنگی ناڕەزایەتی بەرامبەر بە برسێتی نا عەدالەتیەک کە لەتورکیا مەوجودە، بەرزبکەنەوە .

تەنها کریکاران و خەڵکی زەحمەتکێش وبەرەی ئازادیخوازی و کۆمۆنیستەکانە دژی چەوسانەوەو نا عەدالەتی و دژی شەڕن لە شیعارەکاندا، باسیان لە نان وکارو ئازادی وئاشتی دەکرد و هاواری بەسیەتی جەنگ وکوشتن و ئاشتیمان دەوێت ئاشتی و بژی یەکی ئایاریان دەوتەوەو سەرکەوتو بێت خەباتی جەماوەری کرێکاری و بەشمەینەتان، بەجیا لەوەی هێزە کۆمۆنیستەکانیش بەدیلی سۆسیالسیتیان خستۆتە ڕوو لەبەرامبەر دەسەڵاتی ئەزمەگرتوو و چەوسێنەرانەی سەرمایەداریدا.

ئایاری ئەمساڵی تورکیا، هێزیکی جەماوەری فراوانی لەگەڵ خۆی هێنایە مەیدان کەدیاردەی وەرچەرخانی زیاتری کۆمەڵگای روو بەچەپ و سۆسیالیستی پێوە دیارە کە ئەم وەزحە لەدنیادا بەدیدەکرێت.

**وێنەکانی خوارەوە بەشێکن لەوێنەکانی ئایاری ئەمساڵ لە 34 شاردا.**

2016/5/3






شاری ئیستانبوڵ




شاری ئەنقەرەی تورکیا




شاری ئەرتیوینی تورکیا



شاری کیرکەلە لە تورکیا



شاری سیرتی تورکیا



**شاری سەکاریای تورکیا**




شاری ئۆردۆی تورکیا



شاری سینۆپی تورکیا




شاری تیکرداغی چورلو لە تورکیا



شاری تونجەلی تورکیا



شاری وانی تورکیا



**شاری یالۆڤای تورکیا**




**شاری ئیسپارتای تورکیا**




**شاری هاتای تورکیا**



شاری دیاربەکر




شاری ئایدنی تورکیا




شاری ئەنتاليا




شاری بۆلۆی توركيا



شاری دوزجەی تورکیا




شاری ئەدرنەی تورکیا



شاری مەرسینی تورکیا



شاری ئاغرێی تورکیا




شاری یەنی شەهیری



شاری ئیسکی شەهیری تورکیا




شاری سیڤاسی تورکیا



شاری کۆجەلی تورکیا




شاری قەیسەری تورکیا



شاری باڵیکسەری تورکیا



شاری بورسای توركیا



شاری چرومی توركیا




شاری چەنەكەڵێی توركیا



شاری زەنگولداخی تورکیا



شاری ئیزمیر



شاری ماراشی تورکیا